# مەسەلەی کورد لەعێراقدا

## ( هەڵوێستو ڕێگاچارەی یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق )

### پەسەندکراوی کۆنفرانسی چوارەم نیسانی 2004

**پێشەکی:**

لەسەرەتای دەیەی بیستەکانی سەدەی رابردوودا کاتێك عێراق وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ سنورەکانی لەلایەن ئیمپریالیزمی بەریتانیاوە جیاکرایەوە بەپێکهاتێکی رەگەزیو نەتەوەییو مەزهەبی جۆراوجۆرەوە دروستبوو. ئیمپریالیزمی بەریتانیا، لەبری ئەوەی دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمای مافی هاوولاتی بوونی یەکسان دابمەزرێنێ، بۆ زاڵبوونو هێشتنەوەی دەسەلاتی کۆلۆنیالی خۆی کێشەو دووبەرەکی رەگەزیو قەومی دروستکردو پلەو پایەکانی ئەو دەوڵەتەو دامو دەزگاکانی بەرەوتو کەسایەتیە قەومیەکانی عەرەب سپاردو عێراقی وەکو وولاتێکی عەرەبی پێناسەکرد.

هەرچەندە هێزە قەومیەکانی عەرەبو کورد لەسەرەتاکانی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقدا دژی بەریتانیای داگیرکەر لەخەباتێکی هاوبەشدابوون بەلام پێناسەکردنی دەوڵەت وەکو دەوڵەتێکی عەرەبی، بەرەسمی نەناسینی مافی هاوولاتی بوونی یەکسانو دان نەنان بەمافە رۆشنبیریو میللیەکانی خەڵکی کورددا، وە پەرەسەندنی هەوڵو کۆششە سیاسیەکانی هێزە بۆرژوازیو قەومیەکانی کورد بۆ بەشداری لەدەسەلاتی سیاسیدا، ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی ناکۆکیو کێشە لەنێوان هێزە قەومیەکانی کوردو عەرەبدا سەرهەڵبداتو پەرەبسێنێت.

دوای بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەمووزیش، کەکۆمەڵێك دەسکەوتی بەدەستهێنا، مەسەلەی کورد بەبێ چارەسەرێکی عەمەلیو واقعی کەوەلامدەرەوەی خواستو تموحاتەکانی گەلی کورد بێت مایەوە. لەلایەکی ترەوە سروشتی بزووتنەوەی قەومی کوردو شێوەی هاوپەیمانێتیەکانی لەسەر ئاستی ناوچەییو نێودەوڵەتی بەتایبەتی لەگەڵ وولاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەدا، هەروەها سیاسەتەکانو رێبازی حیزبەکانی کەبەتەواوی لەگەڵ بەرژوەندیەکانی خەڵکی کوردو لەگەڵ پێویستیە بابەتیەکانی چارەسەری دیموکراتیانەی مەسەلەی کورددا ناکۆك بوون، گشت ئەم هۆکارانە بوونە هۆی ئەوەی ئەو مەسەلەیە بەشێوەیەکی عادیلانەو پێشڕەو چارەسەر نەکرێت.

لەسایەی بەرجەستەبوونەوەی زیاتری خەسڵەتی قەومی نیزامی سیاسی عێراقدا، رژێمە سیاسیە بۆرژوازیە یەك لەدوای یەکەکان بەتایبەت لەدوای ساڵی 1963 ەوە لەدژی خەڵکی کورد رێبازێکی شۆفێنیو توندو خوێناویان پەیڕەوکردووە. بەلام بەهۆی پەرەسەندنی خەباتی خەڵكو ئەو قەیرانو ئەزمانەی ئەو رژێمانە دەرگیری بوون لەلایەکو بەهۆی زیاتربوونی رۆڵی حیزبە قەومیەکانەوە لەلایەکی ترەوە ئەو رژێمانە ناچاربوون هەندێك جار ملبدەن بەخواستی حیزبە قەومیەکانی کورد ئەویش لەرێگەی دانی ئیمتیازاتێکی وەختیو نیوەناچڵەوە پێیانو هاوکات جەوهەری کێشەی کوردیان بەبێچارەسەر لەجێگای خۆی هیشتۆتەوە.

کێشەی کورد لەدوای کۆدەتای ساڵی 1968 ەوەو لەگەڵ هاتنەسەرکاری رژێمی بەعسدا پێی نایە دووریانێکی ترسناکەوە بەتایبەت دوای ئەوەی رژێم خۆی بوارد لەجێبەجێکردنی رێککەوتنامەی ئازاری ساڵی 1970. بەهۆی رێبازی شۆفینیو خوێناوی بەعسو بەتایبەت دوای ئەوەی توانی پایەکانی دەسەلاتی خۆی جێگیربکاتو پشتی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی عێراق لەزەوی بدات لەسایەی سیاسەتە راستڕەوەکانی حیزبی شیوعی عێراقو ساتو سەوداکانی لەگەڵ دەسەلاتی فاشیستی بەعسدا، وەبەهۆی پاشەکشەی خەباتی جەماوەری لەشوێنەکانی تری عێراقدا، ئیتر دەسەلاتی بەعس، بەتایبەتی دوای ئەوەی صدام حسین هەموو دەسەلاتی بۆ خۆی قۆرخکرد، سیاسەتی جینۆسایدو کوشتاری بەکۆمەڵو بەکارهێنانی گازی ژەهراوی لەفراوانترین ئاستدا جێبەجێکرد.

ئەمڕۆش سەرەڕای ئەوەی رژێمی بەعس وەکو رەمزێکی بەرجەستەی زوڵمو چەوسانەوەی قەومی کورد لەنێوچووە بەلام مەسەلەی کورد هێشتا بەبێ چارەسەر ماوەتەوەو پێویستی بەرێگاچارەیەکی عادیلانەو ریشەیی هەیە.

لەکەس شاراوە نیە کەبزووتنەوەی کۆمۆنیستی هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە رێگاچارەی عادیلانەو پێشڕەوانەی بۆ ئەو مەسەلەیە تەرحکردووە بەجۆرێك هەم وەلامدەرەوەی تموحاتە رەواکانی خەڵکی کورد بێتو هەم وەلامدەرەوەی پێویستیەکانی خەباتی هاوبەشی گشت خەڵکی عێراق دژی داگیرکارانو هاوپەیمانە ناوخۆییەکانیان وەیان دژی رژێمە بۆرژوازیە یەك لەدوایەکانی عێراق بێت.

لەدرێژەی رۆڵی پێشڕەوانەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا رێکخراوی ئێمە ئەم بەڵگەنامەیە دەخاتەڕوو تاکو بەشداری چالاکانە بکات لەیەکخستنی خەباتی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیو خەباتی کرێکارانو زەحمەتکێشانو باقی هێزە چەپو ئازادیخوازەکانداو دەورێك بگێڕێت لەهێزهەڵخڕاندنیاندا بۆ چارەسەری ئەو مەسەلەیەو رێگابگرێت لەوەی کەهێزە بۆرژوازیە راستڕەوەکان لەم قۆناغە ناسکەی مێژووی عێراقدا کایەی پێبکەن.

بێگومان چارەسەری رەوای کێشەی کورد چارەسەری دەردێکی قووڵو قەیرانێکی درێژخایەنە کەئیمپریالیزمو بۆرژوازی دەیان ساڵە خەڵکی عێراقیان پیوەی گیرۆدە کردووە.

هەرچەندە مەیلی پێکەوەژیانی ئازادانەو وورییایی خەڵکی عێراق بەکوردو عەرەبو تورکمانەوە لەماوەی دەیانساڵی رابردوودا نەیهێشتووە کێشەو دووبەرەکی قەومی خوێناوی لەنێوان ئەو رەگەزانەی سەرەوەدا هەڵگیرسێتو هەر ئەوە ئێستاش بنەمایەکە بۆ هەر چارەسەرێکی ئینسانیو رەوا، بەلام

هێشتا مەترسی هەڵایسانی ململانێ‌و کوشت‌و بڕی قەومی یەکێکە لەئەگەرە ترسناکەکانی ئەمڕۆ، ئەمە ئەگەرێکی چاوەڕوانکراوە لەسایەی سیاسەتی داگیرکارانەی ئەمریکاو ڕێبازی تائیفی‌و شوفێنی ئەو هێزانەی لەفەلەکی ئەمریکادا دەسووڕێنەوە وەیان بەهۆی دەوری هێزە دینی‌و هێزە قەومیەکانی کوردو عەرەب وەیان ڕۆڵی کۆنەپەرستانەی وولاتانی دراوسێی عێراق وەکو تورکیاو سوریاو ئێران‌و وەیان ئەو ڕۆڵەی کەوولاتانی عەرەبی بۆ مانەوەی میراتی شوومی ڕژێمی بەعسی پێشوو لەم بوارەدا دەیگێڕن.

1/ سەرمایەداری‌و دەسەڵاتی چینی بۆرژوازی پایەی ماددی چەوسانەوەی نەتەوەیین لەعێراقی هاوچەرخدا. چینی بۆرژوازی بۆ پاراستنی پایەکانی دەسەڵاتی خۆی دووبەرەکی نەتەوەیی لەنێو ریزەکانی چینی کرێکاردا دروست دەکات‌و ناسنامەی نەتەوەیی دەخاتە جێگای ناسنامەی چینایەتی، لەدژی بەرژەوەندیە هاوبەشەکان‌و مەیلی پێکەوە ژیان‌و برایەتی لەریزەکانی کرێکاراندا تێدەکۆشێت‌و دەیەوێت ڕێگابگرێت لەبەدیهێنانی یەکێتی‌و بەرژەوەندی هاوبەشی کرێکاران‌و زەحمەتکێشان، ئەمە ئەو کارەیە کە بۆرژوازی لەعێراقدا ماوەی نزیك بەیەك سەدەیە خەریکی ئەنجامی دانێتی.

بزووتنەوەی نەتەوەیی بزووتنەوەیەکی بۆرژوازی بەرتەسك‌و کۆنەپەرستانەیەو یەکێکە لەدەرهاویشتە سەرەکیەکانی کۆمەڵگای بۆرژوازی، بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەب‌و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لەم چوارچێوەیە بەدەر نین‌و بگرە نموونەیەکی زیندوون لەبەرجەستەکردنەوەی ئەو واقعیەتەدا.

هەڵبەت نیزامی سۆشیالیستی وەکو نیزامێك کەدژی گشت بنەماکانی سەرمایەدارییە نەك هەر چەوسانەوەی نەتەوەیی ناهێڵێت‌و بنەمای ماددی چەوسانەوەی نەتەوەیی لەسەر کورد هەڵدەتەکێنێ‌و بەشێوەیەکی ریشەیی چارەسەری ئەو کێشەیە دەکات، بەڵکو هەموو جۆرە هەڵاواردنێکی‌تروچەوسانەوەیەکی تری مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە کۆتایی پێدەهێنێ‌و بەڕۆشنی ئەو دروشمە کەچینی کرێکار بەرزگارکردنی خۆی هەموو کۆمەڵگاش ڕزگار دەکات، لەهەموو ڕوویەکەوە جێبەجێدەکات.

2/ چەوسانەوەی نەتەوەیی داسەپاو بەسەر گەلی کورددا یەکێك لەپایە سەرەکیەکانی کۆنەپەرستی سیاسی بۆرژوازی عێراق‌و دیکتاتۆریەت‌و ڕژێمی سیاسی تۆتالیتاری پێشووی بەعس بووە. ئەو چەوسانەوە نەتەوەییەی لەعێراقدا بەشێوەیەکی گشتی لەدژی تورکمان‌و کلدۆ ئاشووریەکان بەڕێوەبراوەو وەبەتایبەتی پیادەکردنی سیاسەتی کوشتاری خوێناوی‌و بەعەرەبکردن‌و ڕاگواستن‌و لەنێوبردنی بەکۆمەڵی گەلی کورد نموونەیەکی دیاری چەوسانەوەی نێوان هاووڵاتیانی عێراقە کەدەبێت لەناوبرێت‌و پایەکانی هەڵتەکێنرێت‌و ئاسەوارەکانی پاکبکرێتەوەو مافی هاووڵاتی بوونی یەکسان بەبێ هیچ جۆرە هەڵاواردنێك لەسەر بنەمای ڕەگەزو دین‌و مەزهەب‌و نەتەوە بەڕەسمی بناسرێت.

3/ دەوڵەتی هاوچەرخی عیراق، بەتایبەتی لەساڵی 1963 بەدواوە، بەپێی ئاوات‌و ئارەزووەکانی ڕەوتی نەتەوەیی عەرەب دروستبوو. هەوڵی چڕوپڕ بۆ ملکەچپێکردنی گەلی کوردو ڕەتکردنەوەی داخوازی یە ڕەواو عادیلانەکانی وەتەنانەت داخوازیە هەرە سەرەتاییەکانیشی وەپیادەکردنی چەوسانەوەی نەتەوەیی بەشێوەیەکی بەرنامەرێژیکراو، چەوسانەوەیەك کە لەسەر دەستی بەعس‌و صدام حسین‌و لەسایەی پەیڕەوکردنی سیاسەتی جینۆسایددا بەوپەڕی خۆی گەیشت، یەکێك لەخەسڵەتە سەرەکیەکانی ئەم دەوڵەتەو هەموو ڕژێمە یەك لەدوایەکەکانی عێراق بووە.

بێگومان سیاسەتی چەوسانەوەی نەتەوەیی لەدژی گەلی کورد تەنها دیوێکی ئەو دیکتاتۆریەت‌و سەرکوتە هەمەلایەنەیە بووە کەلەدژی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش‌و ئازادیخوازان لەباقی بەشەکانی تری عێراق بەڕێوەبراوە.

خەڵکی عێراق وەبەتایبەتی کرێکاران‌و زەحمەتکێشان لەباقی بەشەکانی تری عێراقدا هیچ بەرژەوەندیەکیان لەخنکاندنی ئاوات‌و ئارەزووەکانی گەلی کورددا نیە. هەروەها جەماوەری عێراق‌و هێزە کۆمۆنیست‌و پێشکەوتنخوازو شۆڕشگێڕەکان هاوپەیمانی سەرەکی خەڵکی کوردن‌و هەردووکیان لەیەك خەباتی ئازادیخوازانەدان بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرە سەرکوت‌و خنکاندنێکی ئازادیە سیاسیەکان‌و دامەزراندنی دەسەڵاتێك کەئامرازێکی بەدیهاتنی ئامانجە هاوبەشەکانیان بێت.

4/ چەوسانەوەی نەتەوەیی داسەپاو بەسەر خەڵکی کورددا‌و پێشێلکردنی مافەکانی وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ و پاشەکشەکردن بەهەوڵەکانی بۆ یەکسانبوونی لەگەڵ باقی ڕەگەزەکانی تری عێراقدا، ڕۆڵی بۆرژوازی قەومی کوردی بەهێزکردووە بەجۆرێك کەتوانیویانە خەباتی خەڵکی کورد بەلاڕێدابەرن‌و کۆسپ‌و تەگەرە لەبەردەم گرێدانەوەی خەباتی هاوبەشی خەڵکی کوردستاندا لەگەڵ بەشەکانی‌تری خەڵکی عێراقدا دروستبکەن.

بۆرژوازی قەومی کورد چەوسانەوەی نەتەوەیی خەڵکی کوردستانی ئیستغلال کردووە بۆ بێبەشکردنی چینی کرێکاری کوردستان لەمافە ڕەواکانی خۆی، ئەزموونی دەساڵی ڕابووردوو ئەم واقعیەتەی بەشێوەیەکی ڕۆشن خستۆتەڕوو. حیزبە قەومیەکانی کورد توانیان ڕاپەرینی خەڵکی کوردستان لەساڵی 1991دا، کەتوانی هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژێمی بەعس دەرپەڕێنێ‌و یەکێك لەدروشمەکانی خۆی بەدیبهێنێت، ئیستغلال بکەن‌و دەسەڵاتی خۆیان لەکوردستاندا دابمەزرێنن.

ئەو سیاسەت‌و ڕێبازە سیاسیەی ئەم حیزبە قەومیانە لەماوەی دەساڵی ڕابردوودا پەیڕەویان کردو ئەو بڕیارو یاسایانەی دەریانکرد بەڕۆشنی ئەو ڕاستیەی سەلماند کەبەرژەوەندیەکانی ئەو حیزبانە لەگەڵ بەرژەوەندی خەڵکی کوردستاندا ناکۆکن بەیەك، وەنیشانیدا ئەو حیزبانە چۆن‌و بەچ شێوەیەك ئاوات‌و هیوای خەڵکی کوردستان بۆ ڕزگاری لەپێناوی بەرژەوەندیەکانی بۆرۆکراسی حیزبی‌و توێژە مشەخۆرەکاندا ئیستغلال دەکەن..

هەروەها بۆرژوازی قەومی کوردو حیزبەکانی سیاسەتی پاشەکشەپێکردنی بزووتنەوەی کرێکاری لەکوردستانو لاوازکردنی سەربەخۆییە فکریو سیاسییەکانیو بڵاوکردنەوەی ژەهراوی نەتەوەپەرستی لەریزەکانیدا پەیڕەوکردووەو بەناوی پاراستنی یەکێتی ریزەکانی گەلی کوردو بەکەڵك وەرگرتن لەمانەوەو تەنانەت توندبوونەوەی چەوسانەوەی نەتەوەییەوە، داخوازیە چینایەتیەکانی کرێکارانیان رەتکردۆتەوەو لەسەرەتاییترین مافەکان بێبەشیان کردوون. ئەم هێزانە ماوەی دەیان ساڵە کۆسپیان خستۆتە سەر رێگای یەکێتی ریزەکانی کرێکارانی کوردستان لەگەڵ هاوچینەکانیانداو لەگەڵ باقی بەشەکانی تری خەڵکی عێراقدا، وەهەروەها رۆڵی سەرەکیان هەبووە تا رێگابگرن لەخەباتی هاوبەشیان بۆ بەدیهێنانی ئازادیە سیاسیەکانو باقی مافو داخوازیەکانی تریان لەدژی کۆنەپەرستی سیاسی بەشێوەیەکی گشتیو رژێمە یەك لەدوای یەکەکان بەشێوەیەکی تایبەتی.

5/ خەباتی خەڵکی کورد بۆ بەدیهێنانی مافە رەواکانیو بۆ یەکسانی تەواو لەگەڵ بەشەکانی تری خەڵکی عێراقدا خەباتێکی رەواو بەرهەقو ئازادیخوازانەیەو ناکۆك نیە لەگەڵ خەباتی بەشەکانی تری خەڵکی عێراقدا بۆ بەدیهێنانی دیموکراسیو ئازادی.

6/ هەروەها خەباتی خەڵکی کورد بەهۆی سروشتە ئازادیخوازانەکەی خۆیەوە ناکۆکە لەگەڵ سیاسەتی داگیرکاری ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی، هەرچەندە هێزە بۆرژوا قەومیەکانی کورد وەبەتایبەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەك وەئیمپریالیزمی ئەمریکاو ئیدارەی بۆشو درۆو دەلەسەکانیان لەلایەکیترەوە بیانەوێ ئەم ناکۆکیە بشارنەوەو ئەم خەباتە رەوایە بەلاڕێدا بەرن.

ئەمریکا چ وەك هیزێکی ئیمپریالیستیو چ وەك هێزێکی داگیرکار لەعێراقدا مەسەلەی کورد بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەتو نەخشە پیسەکانی ئیستغلال دەکات، لەکاتێکدا هەموو خەڵکی عێراقو لەوانەش خەڵکی کوردستان قوربانی یەکەمی ئەو سیاسەتو نەخشانەی ئەمریکان.

مەسەلەی کورد لەجوهەری خۆیدا بەشێکە لە مەسەلەی ئازادیو رزگاری لەهەموو شێوەکانی داگیرکاریو ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستی، بۆیە هاوپەیمانی مەوزوعیو راستەقینەی خەڵکی کورد لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی چینی کرێکارو بزووتنەوە ئازادیخوازو پێشکەوتنخوازەکانی دژ بەئیمپریالیزمە.

7/ لەلایەکی ترەوە وەبەشێوەیەکی دیاریکراوتر خەباتی خەڵکی کورد بۆ بەدیهێنانی مافەکانی لەم قۆناغەی ئێستادا بەهۆی سروشتی پێشکەوتنخوازانەی ئەو خەباتەوە بەشێکی دانەبڕاوی خەباتی گشت خەڵکی عێراقە بەهەموو پێکهاتەکانیەوە بۆ رزگاربوون لەداگیرکاریو وەستانەوە بەرامبەر ئەو هەوڵانەی کەلەئارادان بۆ دامەزراندنی نیزامێکی کۆنەپەرستی دینیو نەتەوەیی لەعێراقدا. هەروەها ئەو خەباتە هاوبەشە لەگەڵ خەباتی سەرتاسەری خەڵکی عیراقدا بۆ بەدیهێنانی قووڵترین ریفۆرمو چاکسازی لەبواری ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتیو هەموو بوارەکانی تردا.

8/ لەبەر هەموو ئەوانەی سەرەوە ئەمڕۆ پێویستە عێراقێکی هاوچەرخ ونیزامێکی سیاسیو دەوڵەتێك کەخەسڵەتی نەتەوەییو دینی هەڵنەگرتبێ، دابمەزرێت، نیزامو دامەزراوەکانیو وەهەروەها دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگای مەدەنی لەپەیوەند بەخواستو پێویستیەکانو ئاواتو ئارەزووەکانی خەڵکی عێراق بەگشتی بۆ گەیشتن بەئاشتیو ئازادیو گەشەکردنو خۆشگوزەرانی پێکهاتبێت، نیزامێکی عیلمانیو دیموکراسی کەبەشێوەیەکی رۆشن مافو ئەرکەکانی عێراقیەکان بەشێوەیەکی یەکسان لەچوارچێوەی دەستوورێکی هەمیشەییدا کەبەپێی ئیرادەی ئازادانەی خەڵك خۆی داڕێژرابێت نەك لەسایەی دەسەڵاتی داگیرکاراندا، پەسەندبکات، دەستووریك کەئەوانە بکات بەبنەما جێگیرەکانو بیکات بەبنەمایەكو چوارچێوەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەچوارچێوەی هاوژیانی ئارەزوومەندانەی خەڵکی کوردو خەڵکی عەرەبی عێراقو باقی نەتەوەکانی تردا.

9/ چارەسەری رەواو پێشکەوتنخوازانەی کێشەی کورد لەوەدایە کەمافی چارەی خۆنوسین بۆ خەڵکی کورد بەرەسمی بناسرێت، ئەمەش وادەخوازێت کەریفراندۆمێکی گشتیو شەعبی بەچاودێری نێودەوڵەتی بێلایەن رێکبخرێت تاکو خەڵکی کوردستان تیایدا بڕیاربدەن لەچوارچێوەی عێراقێکی دیموکراسیدا بەپاراستنی هەموو مافە میللیەکانی خۆیانەوە دەمێننەوە یان لەعێراق جیادەبنەوەو دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێکدەهێنن. بەدوور لەم چوارچێوەیە هەرچەشنە گفتوگۆو رێککەوتنێك لەنێوان حزبە کوردیەکانو دەسەڵاتی مەرکەزیداو وەیان بڕیاردان لەسەر هەر شکڵو شێوەو چارەسەرێکی تر بەبێ گەڕانەوە بۆ ئیرادەو بڕیاری خەڵکی کوردستان خۆی، شەرعیەتی نیە.

ئێمە جگە لەوەی ئەو مافە بەرەسمی دەناسینو پارێزگاری لێدەکەین پێمان وایە صیغەی فیدرالی، کەوەکو چارەسەرێك بۆ کێشەی کورد پێشنیارکراوە، وەڵامدەرەوەی ئاواتو ئارەزووەکانی گەلی کورد نیە کەدەیەوێ بەشێوەیەکی یەکجاری لەچەوسانەوەی نەتەوەیی رزگاری بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ دانانان بەفیدرالیزمدا لەم قۆناغەی ئێستادا هەنگاوێکی ئیجابی بێت رووەو چارەسەری عادیلانەو کۆتایی کێشەی کورد ئەگەر ئەم مەرجانەی خوارەوە جێبەجێبکرێت، وەدیارە قبووڵکردنو پەسەندکردنی فیدرالیزم لەلایەن ئێمەوە راستەوخۆ پابەندە بەم مەرجانەوە:

أ/ ئەبێت حکومەتی مەرکەزی عێراق حکومەتێکی دیموکراسیو عیلمانی بێتو زادەی هەڵبژاردنێکی ئازادانە بێت، دەسەڵاتەکان لێك جیابکاتەوەو پشتی بەدەستوورێکی هەمیشەیی بەستبێت کەلەوەو پێش ئەم جەوهەرو خەسڵەتە سەرەکیەی دەوڵەتی بڕاندبێتەوەو سنووربەندی تەواوی کردبێت لەگەڵ پێناسەکردنی دەوڵەتو نیزامی سیاسی عێراق بەدەوڵەتێکی نەتەوەییو دینیو ئیسلامی. لەم حاڵەدا ئەو فیدرالیزمەی کەئیرادەو بڕیارو هەڵبژاردنی ئازادانەی خەڵکی کوردستانی لەسەر بێت هەنگاوێکی ئیجابیە بۆ چارەسەری ئەم کێشە ئاڵۆزە.

فیدرالیزم لەسایەی نیزامێکی عیلمانیدا کەپشتی بەدامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیو دیموکراسی بەستبێتو وەتەنانەت لەسایەی نیزامێکی دیموکراسیو پەرلەمانیدا هەروەکو ئەزموونی زۆربەی وولاتانی پێشکەوتوو کە لەنەتەوەی جۆراوجۆر پێکهاتوون وەکو فیدرالیزمی سویسراو ئەزموونی کیوبكو ...تاد دەکرێ تاڕادەیەکی بەرچاو هەڵاواردنی نەتەوەیی نەهێڵێتو هاوژیانی برایانەو یەکسانی نێوان نەتەوەکان دابینکات..

ب/ بەرەسمی ناسینی یەکسانی هەموو عێراقیەکان لەبواری سیاسیی و یاساییو هەموو بوارەکانی تر داو هەڵوەشانەوەی هەموو جۆرە هەڵاواردنێك لەهەموو ئەو بوارانەدا.

ج/ دانان بەمافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستانداو ڕێزگرتن لەمافە رۆشنبیری یەکانو کەلتووری زمانو باقی کەلتووره میللیەکانی تری نەتەوەکانی تری عێراق.

د/ سڕینەوەی هەموو ئاسەوارەکانی چەوسانەوەی قەومی لەکوردستانو باقی شوێنەکانی تری عێراق وەکو ئەنفالو تەعریبو راگواستنو .......تاد.

ر/ پێویستە دەستووری هەمیشەیی بڕیاری 51٪ ی خەڵکی کوردستان، لەچوارچێوەی سنووره جوگرافیەکانی ئەو هەرێمەدا، بۆ جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بەڕەسمی بناسێت.

10/ لەبەرئەوەی مافی چارەی خۆنوسین مافی جیابونەوەو پێکهێنانی وولاتێکی سەربەخۆ دەگرێتەوە بۆیە کەڵك وەرگرتن لەم مافەو هەڵبژاردنی جیابوونەوە لەعێراق لەبناغەدا بەستراوەتەوە بەپرۆسەی دروستبوونو پێکهێنانی دەوڵەتی عێراقو دامەزراوەکانیەوە. دامەزراندنی دەوڵەت بەپێی ڕێبازێکی شۆڤێنیو توندڕەو، چ لەچوارچێوەی حکومەتێکی ئیسلامیدا یان هەر چەشنە حکومەتێکی کۆنەپەرستی تردا، بەواتای ڕەتکردنەوەی مافە رەواکانی خەڵکی کوردستان بەتایبەتیو خەڵکی عێراقە بەشێوەیەکی گشتیو ئەمە خەڵکی کوردستان ناچاردەکات تاریگاچارەی عیلمانیو ئازادانەی خۆیان هەڵبژێرنو کێشەکەیان لەڕێگەی جیابوونەوە لەعێراقو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ چارەسەربکەن.